شیعر


# ئەوان دەزانن

گۆران حەساری




پێم بڵێ ئەی خودای من تۆ لە کوێی؟
لە نێو عومری کێدا شەراب ئەخوێتەوە؟
بووی بە ئاڵای نیشتیمانی کێ؟
لە نێو جوگرافیای کێدا ئەشەکێیتەوە
پەڵەی ڕەنگت لە کێ داوە؟
بە ڕەنگی کێوە خەریکی؟
ماچی کێ، ئاینی کێ،
وا مەستی کردووی؟
ئەی خودایە:
ها ئەوە دووری ئێمە بۆ تۆ
تۆ نزیکی خۆت ببەخشە بە ئێمە
لێ گەڕێ با خەیاڵی ئێمە
بگاتە باخی تۆ
با سێوێ لە بەهەشتی تۆ بکەینەوە

ئەستێرەیێ لە نهێنی تۆ بۆ ئێمە بێ
لە ئەستێرەکان بپرسە
ئەی خودای من
ئەوان دەزانن
بە نێو چاوەڕوانی عیشقی ئێمەدا
چ ساڵانێکی پڕ تۆفان هاتن و ڕۆیشتن
ئەوان ئەزانن پێکەنینی هەنار
چۆن بروسکەی ئەگرتە



بە ڕۆژوو بوونی ئێمە
بۆ بینینی تۆ
ئەو پرتەقاڵانەی بەقەد دارەوە ئەگەیشتنە مزر بوون
بە چ ڕەنگێ ئەیانەویست
چەکمان بکەن لە تۆ؟



ئەوان ئەزانن
بۆ سێوەکان
خۆیان لەو لقانە بەردەدایەوە
کە دەستی ئێمە پێیان دەگەیشت،
بەڵام دەستمان بۆ نەئەبردن!
ئەوان سووتانی پەپوولانیان خوێندۆتەوە
لە حیکمەتی فڕینی ئەو پەپوولانە تێ ئەگەن
بۆ بە دەوری چراوە هەبوون، بۆ بە دەوری چراوە مردن